# ڕەوشی عێراق بە چی دەگات!

د. حوسنی مەحلی
و. : بـــەکر شوانی

دوو مانگ بەسەر دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ٤٠ ڕۆژیش بەسەر ڕوخانی بەغداد دا تێپەڕی. بە شێوەیەکی ڕۆژانە و بە درێژایی ئەو ماوەیە لە بەغداد و شارەوکانی تری عێراق ڕێپێوانی دژ بە ئەمەریکا سازکراوە، بەڵام پێویستە بشڵێین کە ئەویندارانی ئەمەریکا (واتا دۆلار) هێندە کەم نین. ئەمانە ئەو کەسانەن کە سودی سیاسی و مادی لە داگیرکەر دەبینن و بارزانی و تاڵەبانی لە پێشی پێشەوەی ئەو کەسانەن.. هەردوو سەرۆکی کورد دوای کەرکوک و موسڵ هاتونەتە بەغداد و دەستیان بەسەر گرنگترین بیناکانیدا گرتووە. زۆربەی ئەو دەست بەسەردا گرتن و دزیانەی لە عێراق باسیان لێ دەکرێ، دەدرێتە پاڵ چەکدارەکانی ئەم دوو سەرۆکە. بارزانی و تاڵەبانی کە ماوەی ١٢ ساڵە لەژێر سایەی ئەمەریکادا لە باکوری ئازادیی خۆیان بەدەستهێناوە، ڕێکخراوترین و بەهێزترین دووانەی بەغدادن و ئەمەریکیەکانیش ئەم ڕاستیە دەزانن و هەموو حسابەکانی خۆیان لەسەر ئەم دووانەیە دارشتووە. ئەمەریکیەکان کە ماوەی ٤٠ ڕۆژە هیچ خزمەتگوزاریەکی بەرچاویان بۆ خەڵکی عێراق و بە تایبەتیش بۆ بەغداد دابین نەکردووە، گوایە لە ئەتمۆسفێری ئازادیدا هەموو جۆرە جیاوازیەکی سیاسی و ئەتنیکی و مەزهەبی کوێر دەکەنەوە، بەڵام تەنها لە بەغداد ژمارەی پارت و کۆمەڵەکان گەیشتۆتە ١٤٠. ئەمەریکیەکان بە هۆی ناکۆکی نێوان وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی پاراستنەوە نازانن چی لە عێراق بکەن، یاخود دەزانن، وەلێ هێشتا بۆیان ناخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، هەر بۆیەشە کەس ناتوانێ پێشبینی بکات کە داگیرکاری چەند درێژە دەخایەنێ. حکومەتی ئەمەریکا کە جەنەراڵ جەی گارنەری لەسەر کار لابرد و لە جێی ئەو پۆل برێمەری دامەزراند، درێژە بە کاروباری دامەزراندنی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئابوری عێراق دەدات. بە سەدان ئەمەریکی بێ پسانەوە لە بەغداد کار دەکەن.. بۆ نمونە گروپێک سەرلەنوێ سیستەمی پەروەردەی عێراق ڕێکدەخاتەوە، واتا هەموو ئەو کتێبانەی کە لە قوتابخانەکانی عێراقدا دەخوێنرێن، بە شێوەیەکی نوێ بە سەرپەرشتی ئەمەریکیەکان دەنوسرێتەوە. لەم کتێبانەدا بە هیچ شێوەیەک شتی خراپ بە "ئیمپریالیزم، داگیرکەر، کاپیتالیزم، زایۆنیزم، ئیسرائیل و بە گاورەکان" ناوترێ و باس لە تێکۆشان یان جیهاد لە پێناوی خودا و نیشتیماندا ناکرێ. هەر عێراقیەک بە گەرمی لەم وتانە بڕوانێ جا چ عەرەب بێ یان کورد یان تورکمان، شیعی بێ یاخود سونی، لەلایەن ئەمەریکاوە قەبوڵ دەکرێ و دەخرێتە حکومەتەوە. بە واتایەکی تر ئەوانەی ڕۆحی خۆیان لە پێناوی کورسی و دۆلاردا بە ئەمەریکا فرۆشتووە، دەبن بە بەڕێوەبەرانی نوێی عێراق. مەترسی ڕاستەقینەش ئا ئەو کاتە دەستپێدەکات، چونکە ئەوانەی کە خۆیان فرۆشتووە و هیچیان نەماوە، هیچیان پێ نابێت بە گەلی ببەخشن و دەست بەسەر هەموو شتەکانی خەڵکیشدا دەگرن و ئەمەریکاش ئێستا بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێ. بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە هەن، ئەمەریکا کۆنسەیەکی سەرۆکایەتی سێ کەسیی سونی و شیعی و کورد بۆ بەڕێوەبردنی عێراقی فیدراڵی پێکهاتوو لە سێ هەرێم دەستنیشان دەکات و هەریەکەیان

ماوەی ٦ مانگ عێراق بەڕێوە دەبات. حکومەتی نوێی عێراقیش کە چاوەڕێ دەکرێ لە بیست وەزیر پێک بێت، سەرۆکەکەی سونی دەبێت، بەڵام کابینەی حکومەت لە ٦ وەزیری سونی و ٦ی شیعە و ٦ی کورد و یەکێکی تورکمان و یەکێکی ئاسوری پێکدێت. بەم نزیکانە هەموو پێکەوە دەبینن ئەو حسابانەی لە واشنتنۆن دەکرێ تا چ رادەیەک لە بیابانی گڕگرتووی عێراقدا جێبەجێ دەکرێ، چونکە بەلای هەمووانەوە دیارە عێراقێک کە هەر ڕۆژەی سەربازێکی ئەمەریکی تێدا بکوژرێ و کۆڵانەکانی ببنە مەیدانی خۆپیشاندانی دژ بە ئەمەریکا و ئیسرائیل، وا بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات. مەترسی سەرەکیش ئەمەیە، چونکە ئەو کاتە ئەمەریکیەکان دەڵێن "عێراقێک کە بۆ من نەبێت با بڕوات بۆ دۆزەخ" و سیناریۆ ترسناکەکانیان دەخەنە کار ئەمەش بەواتای بەکێشکردنی عێراقە بەرەو شەڕی ئەتنیکی و مەزهەبی و شەڕ و پێکادانە ناوبەناوەکانی کەرکوک ئاماژەی ئەم بۆچوونەن. ئەوانەی کە پێیان وایە ئەو گەلی عێراقەی کە ماوەی ٣٠ ساڵ بەرەنگاری دیکتاتۆریەتی سەددام ڕاوەستا، بە داگیرکاری ئەمەریکا-ئیسرائیل ڕازی دەبێت، خۆیان هەڵخەڵەتاندووە و هەڵدەخەڵەتێنن. سەدان هەزار و ملیۆنان عێراقی هەن کە بە دۆلاری ئەمەریکی لە کڕین نایەن. ئەوان لە بیریانە بەر لە شەڕی عێراق-ئێران و داگیرکردنی کوەیت کە بە دنەدان و پشتیوانی ئەمەریکا ڕوویاندا، دینارێک بە 3.6 دۆلار بوو.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی یەنی شەفەق **٢٠٠٣/٥/٢١**